Political Prisoner's Generation of Kurdistan | کۆمەکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

Headmaster | دەستەی باڵا

Num/ | ژمارە/

Date/ 24 / 2 /2007 | بەروار/ ٢٤/ ٢ / ٢٠٠٧

بۆ/سەرجەم ناوەندەکان

بابەت/زانیاری بۆ کاری ناوەندەکان

لیژنەی فۆرم پڕکردنەوەو بڕیار دان لە سەر بە ئەندام بونی زیندانی سیاسی

+لیژنەکە نابێ لە (٤)چوار کەس کەمتر بێت،وەنابێ بەرپرسی ناوەند ئەندامی ڕاستەو خۆبێت ،بەلاّم دوا واژۆ بەرپرسی ناوەند لەسەر بڕیارەکان دەیکات.

+ناوی ئەندامانی لیژنەکان لە ناوەند لەسەری ڕێك دەکەون و پێشنیار دەکەن بۆ دەستەی بالاّ بۆ بڕیار لێدانی.

+لیژنەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەدەبێ هەمو ئەندامانی لیژنەکە ئامادەبن چونکە واژۆکانیان لە سەر فۆڕم لە دەستەی بالاّ بەراورد ئەکرێت.

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەودڵنیا بون لە دروستی زانیاری زیندانی سیاسی مەرجە بگەڕێنەوە:

-شوێنی یەکە مجار لێی گیراوە ومالّی لێ بوە.

-پشتگیری بن دەعواکانی (دوکەس یان زیاتر).

-پشتگیری هاوڕێیانی لە زیندان جگە لە بن دەعواکانی (دوکەس وزیاتر).

-ناوی زیندانە دوای یەکەکان و چەند کرا ناوی جەلادو حاکم ولێکۆڵەرەوە( محقق)کان.

-بەرواری گیران وئازاد بون بە ڕۆژو مانگ وسالّ بنوسرێ.

-ئەوانەی چەندجارێك گیراون هەمو جارەکانی بەجیا جیا لێوەردەگیرێت.

بۆ زیندانی نەخۆش یان پەك کەوتە دەبێلیژنە بچێ بۆ لای.

-هەر خالّێك یا زانیاریەك گرێ کوێرەی تێدابو وە ئالّوز بو لیژنە ئەبێداوای زانیاری نوێ بکات بۆ سەلماندنی زانیاریەکان ..وەئەرکی زیندانیە کە بیسەلێنێت کە زانیاری تەواوە.

-پێویستە زانیارییەکان بەوردی تۆمار بکرێن...هەندێجار زانیاری کەسێك سودی لێوەردەگیرێت بۆ پشت ڕاست کردنەوەی زانیاری کەسانی تر لە هەمان زیندان .

-لیژنە بۆی هەیە (شایەتەکان)داوا بکات و پرسیاری پێویستیان ڕوبەڕو بکاتەوە لە کاتی پێویست بە زانیاریەکانیان .

+زیندانی ئەبێت ڕا پۆرتێك لە سەر گیران وباری زیندانی خۆی بنوسێت بەمەرجێك لە (٣)پەڕەی( a4)کەمتر نەبێت وباس بکات کە:

لە کوێ گیراوە-چۆن وەبۆ گیراوە-بۆ کوێ براوە-چەند بتوانێت ناوی (محقق)وزیندانەکان و بەروارەکان وکێشەکەی وناوی ئەو کەسانەی لە زیندان بینیونی ودواتر باسی بەربونی وچۆنیەتی و شوێنی بە ربونی بکات ،وەئەبێ ماوەی زیندانییەکەی بەوردی لە ڕێی بەروارەکانەوە دیاری بکات.

-ئەوزیندانیانەی کەیەك جار زیاتر گیراون، پێویستەبۆ هەر جارە گیرانێك ڕا پۆرتێك بەوشێوازەی سەروە بنوسێت.

-ئەو ڕا پۆرتەی سەرەوەبۆ زیندانی ( محكوم، موقوف، دەست بەسەر )دەسە پێنریٚ.
+لە سەر زیندانیەکەیە دوو شایەت بۆ خۆی پەیدا بکات لە وانەی کە لە زیندان پێکەوە بون وبە لێکۆڵینەوە یەکلایی بونەتەوە کە ئەوانە زیندنی سیاسیین، وە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە داوای گۆرینی شایەتەکان بکات.
-زیندانی سیاسی وشایەتەکان ئەبێت ناسنامەی باری شارستانی خۆی وخێزان ومناڵەکانی هەمویان دەبیٚ( تصدیق ) کراوبن.
-هەر شایەتە بە جیا ئەبیٚتعاهدی کاتب عدل پەیوەست بکاتب بە فۆرمی شایەتیەکەیەوە.
-هەر ناوەندەو لەگەڵ محکمەی سنوری خۆی ڕێك دەکەویٚلە سەر چۆنیەتی پڕ کردنەوەی تعاهدی کاتب عدل بۆشاهیدەکان .
لە سەر لیژنەی لێکۆلینەوەیە بە پێی پەیرەوی ناوخۆ پێناسەی زیندانی سیاسی ومەرجەکانی ئەندام شی بکاتەوەو لەئاست هەر زیندانیەك دا بەوردەکاریەوە جیٚبەجێیان بکات.
-ئەرکی لیژنەیە وردبێتەوەلە تەمەنی زیندانی لە کاتی گیرانیدا و هەروەها بە هەڵوێستی زیندانی لە زیندان ولە دوای بەربونی ئاشنا بێت بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە چونەتە خانەی خیانەت بە گەل ونیشتمان دوای زیندانی بونیان.
-لیژنە هەوڵبدات چەندبکرێت وێنەو نامەو بەڵگەنامەکانی زیندان لە زیندانییەسیاسییەکان وەربگرێت بەمەبەستی سەلماندنی زانیاریەکان وبە ئەرشیف کردنیان لە ئەرشیفی کۆمکاردا.
+لە کارەکانی لیژنەی لێکۆلینەوەدا بەهیچ شێوەیەك وەکالەت کردن ولە بری دانان ڕێگەی پێنادرێت وهەر ئەندام لیژنە بەرپرسە لە ئامادەنەبونی لە واژۆکەی .
+ لیژنەی لێکۆلینەوە وئەندامانی بەهیچ شێوەیەك کار بەنامەی حزبی وکەسایەتیەکان ناکات دەرباەی ئەرکەکانیان ،بۆیە دەبیٚ ئەو جۆرە نامانە بەرز بکرێنەوە بۆ دەستەی باڵاو بۆ دراسە کردنی زانیاریەکانی وسود وەرگرتن لێیان بەبەرژەوەندی زیندانییە سیاسییەکان .
+( بە پێی یاسای ژمارە( ١٨ )ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان/عێراق مادەی ( ٢١ )فەقەرەی ( ٣ )هەر ئەندامێکی ئە نجومەن یا لقەکان یان ئەندامی لیژنەکان سزای یاسایی دەدرێت گەر دەرکەوت ئەندامێکی وەرگرتبێت بەبیٚ هەبونی مەرجی ئەندامێتی بە پێی مەرجەکانی پێرەوی ناوخۆ )

لە گەڵ هیوای سەرکوتن ................